سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری پێشوازی کرد لە بریکاری وەزیری دەرەوەی کۆماری ئەزبەکستان

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، فایق زیدان، لەگەڵ بەخرەمیون ئالڵف، جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری ئەزبەکستان، سەبارەت بە بەدواداچوون بە هادەستکردنەوەی منداڵی ئەو سزادراوانەی کە ڕەگەزنامەی ئەزبەکستانیان هەیە، تاوتوێ کرد. لە هاگەیەندراوەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە، ”سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زەیدان، پێشوازی لە بریکاری وەزیری دەرەوەی کۆماری ئەزبەکستان، بەخرەمیەن ئالڵف، وشاندی یاوەری کرد“. ئاماژەی بەوەشکرا، "هەردوولا باسیان لە بەدواداچوون کرد بە هادەستکردنەوەی منداڵان، منداڵی سزادراوان کە ڕەگەزنامەی ئەزبەکستانیان هەیە و دەخرێنە ناو چاکسازییەکانی عەراق".